من وشەیەک دەزانم ئەگەر بیڵێت ئەوا ئەوەی بەسەری هاتووە نامێنێت، ئەگەر بڵێت: (أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ)^، ئەوەی بەسەریدا هاتووە نامێنێت

لە سولەیمانی کوڕی سوڕەدەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: لە گەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دانیشتبووم ودوو پیاو جوێنیان بە یەکتری دەدا، ویەکێکیان ڕووی سوور هەڵگەڕا ودەمارەکانی ملی هەستابوو، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «من وشەیەک دەزانم ئەگەر بیڵێت ئەوا ئەوەی بەسەری هاتووە نامێنێت، ئەگەر بڵێت: (أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ)^، ئەوەی بەسەریدا هاتووە نامێنێت». پێیان ووت: کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: «پەنا بگرە بە الله لە شەیتان»، -پیاوەکە- ووتی: خۆ شێت نەبووم؟ (^واتە: پەنا دەگرم بە خودای گەورە لە شەیتانی نەفرین لێکراو).

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

دوو پیاو لەلای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- جوێنیان بە یەکتر دەدا، ویەکێکیان ڕووی سوور بوو، ودەمارەکانی دەوروبەری ملی دەرکەوتن. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: من وشەیەك دەزانم ئەگەر ئەم کەسە تووڕەیە بیڵێت؛ ئەوا تووڕەییەکەی نامێنێت، ئەگەر بڵێت: (أعوذ بالله من الشيطان الرجيم) واتە: (پەنا بە الله دەگرم لە شەیتانی نەفرین لێکراو). پێی ووترا: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: بڵێ: (أعوذ بالله من الشيطان الرجيم) پیاوەکە ووتی: خۆش شێت نەبووم؟! پێی وابوو کە تەنها شێت پەنا بە الله دەگرێت لە شەیتان.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3578